بەشداری مسوڵمانە بنجووەکان لەمەعریفەی ئیسلامیدا سەدەی (١-٤ ک)

باخان محمد أحمد ، بەختیار عبدالله کریم

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە- ئەم تۆێژینەوەیە لە ڕۆڵ و کاریگەریی ئاڵوزی موسڵمانە بنجووەکان دەکۆڵێتەوە لە داڕشتنی پاشخانی مەعریفی و ئایینی ئیسلامی. تۆێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی گواستنەوەی گێڕانەوەی جووەکان "ئیسرائیلیات" لەلایەن کەسایەتییەکانی وەک کەعبولئەحبار و وەهب کوڕی مونەبیە. ئەم گێڕانەوانە، کە لە پاشخانی تەوراتەوە سەرچاوەیان گرتبوو، وردەکاری زۆریان دەربارەی چیرۆکی پێغەمبەران، ڕۆژی دوایی و بابەتە گەردوونییەکان خستەڕوو. ئەمەش کاریگەرییەکی قوواڵی لەسەر زانستەکانی ڕاڤەی قورئان و فەرموودە و تەنانەت هزری سۆفیگەریش دانا، کە بووە هۆی تێکەڵبوونی زانیاری دەرەکی لەگەڵ دەقە ئیسلامییەکاندا. لە بەرامبەردا، نووسینەکە بەشداریی ئەرێنییەکانی ئەم کەسایەتیانە لە بواری زانست و شارستانیەتدا پیشان دەدات. نموونەی زانایانی وەک عەلی کوڕی ڕەببەنی تەبەری لە بواری پزیشکیدا و ماشاءالله بن ئەثەری لە فەلەکناسیدا دەهێنێتەوە، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامدا گێڕا، هەروەها ئاماژە بە ڕۆڵیان دەکات لە بزووتنەوەی وەرگێڕان و مشتومڕی فەلسەفیدا. بەم شێوەیە، تۆێژینەوەکە دەری دەخات کە هەژموونی بنجووەکان دوولایەنە بووە؛ هەم سەرچاوەی دەوڵەمەندکردنی زانست بوون و هەمیش هۆکاری هاتنەناوەوەی ئەو گێڕانەوانە بوون کە پێویستیان بە هەڵسەنگاندێکی ڕەخنەگرانەیە هەبوو. ئەم تۆێژینەوەیە شیکردنەوەیەکی بنکۆڵکارییە ڕۆڵی دوولایەنەی "موسڵمانە بنجووەکان" لە داڕشتنی پاشخانی مەعریفەی و ئایینیی ئیسلامدا دەکات.

کلیلە ووشەکان- مسوڵمانە بنجووەکان، تەورات، ئیسرائیلیات، پاشخانی مەعریفەی ئیسلامی،ڕاڤەی قورئان

پێشەکی:

میتۆدی تۆێژینەوەکە: میتۆدی شیکاری بنکۆڵکارییە و پشت بە سەرچاوە ڕەسەنەکان بەستراوە. لەم تۆێژینەوەیەدا تەنها زانیارییەکان ناگوازێتەوە، بەڵکو شیکاریش کراوە، بەراوردی نێوان قورئان و تەورات و هەڵسەنگاندن بۆ ڕاستی و کاریگەریی گێڕانەوەکان دەکات.

پرسیاری تۆێژینەوەکە: ئایا گێڕانەوەی جووەکان ئیسرائیلیات چۆن خزایە ناو ڕاڤەی قورئان و فەرموودە؟

کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئەوان لە بواری زانستییەکانی وەک پزیشکی و فەلەکناسی چی بووە؟

چۆن دەتوانرێت گێڕانەوەکان پاکسازی بکرێن و سەرچاوە ڕەسەنەکان لە ناڕەسەنەکان جیابکرێنەوە؟

گرنگی تۆێژینەوەکە: بابەتێکی مشتومڕاوی لە مێژووی ئیسلامدا بووە و شیکردنەوەی چۆنیەتی تێکەڵبوونی ئەفسانە بە مێژوو و ڕاڤە، ڕوونکردنەوەی بوونی گفتوگۆ و تێکەڵاوبی کلتووریی نێوان جوو و موسڵمانان لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامدا.

مسوڵمانە بنجووەکان بەهۆی پاشخانی جووەلەکایەتییانەوە، ڕۆڵێکی زۆریان لە ئەدەبیاتی ڕاڤەی قورئان و مێژووی ئیسلامیدا بینیوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرگایان بۆ هاتنەناوەوەی گێڕانەوە گەلێک کردەوە کە پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندێکی ورد هەیە.

ئاماژ و گرنگییەکەی لە چەند ڕوویەکەوە خۆی دەبینێتەوە لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی هەستیار ودەچێتە نێو کێڵگەی "ئیسرائیلیات"، کە یەکێکە لە بابەتە بنەڕەتی و مشتومڕاوییەکانی مێژووی ئیسلام و ڕەهەندی مێژوویی هزریی کەپەیوەندی و دیالۆگی نێوان کلتووری ئیسلامی و جووەکە لە سەردەمێکی زێڕینی تێکەڵاوبی فیکریدا دەخاتەڕوو. پاککردنەوەی سەرچاوەکان: یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە کام بەش لە کەلەپووری ئیسلامی ڕەسەنە و کام بەشی لە کلتوورەکانی ترەوە وەرگیراوە.

سەبارەت بە پلانی تۆێژینەوەکە لە تەوەری یەکەمدا ڕۆڵی گشتی مسوڵمانە بنجووەکان لەهەژمونی پاشخانی مەعریفەی جوو لە نێو داناوەکانی مسوڵمانداندا لە خاڵی یەکەم تیشک خراوەتە سەر ڕۆڵی مسوڵمانە بنجووەکان لە گواستنەوەی زانیاریییەکانی تەورات و تەلمود بۆ نێو مەعریفەی ئیسلامی، چۆنیەتی گواستنەوەی زانیاری و گێڕانەوەکانی بنجووەکان لە خاڵی دووەم بە وردی ڕۆڵی بنجووەکان لە زانستی کەلام و پزیشکی و ئەستێرەناسی لەشارستانیەتی ئیسلامیدا شیدەکاتەوە. لە تەوەری دووەم دا ڕۆڵی مسوڵمانە بنجووەکان لە پاشخانی مەعریفەی ئیسلامیدا. یەکەم ستایشکردن و وێنا کردنی جوو وەک گەلێکی باڵا و گەورەکردنیان پاشخانە مەعریفییەکەیان بۆ

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 4(2026)؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n4y2026.pp34-42
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 1 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 14 كانون الأول 2025؛ نُشرت في 11 تشرين الأول 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : bakhtyar.karim@univsul.edu.iq, 85.baxan@gmail.com
حقوق الطبع والنشر ©2026 باخان محمد أحمد ، بەختیار عبدالله کریم. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەدەستهێنانی متمانە و شەرعیەتدان بە گێڕانەوەکانیان. دووەم: شێوازەکانی تێهەڵکێشکردنی ئیسرائیلیات لەگەڵ زانیارییە ئیسلامییەکاندا، وەک بەراوردکردنی ئایەتەکانی قورئان بە تەورات.سێیەم ڕۆڵیان لە ڕاڤەکردنی قورئاندا، بەتایبەت لە پرکردنەوەی کەلێنەکان و زیادکردنی وردەکاری بۆ چیرۆکی پێغەمبەران و ڕووداوە میژوویییەکان کە لە قورئاندا بە کورتی باسکراون. تەوەری چوارەم: ڕۆڵیان لە گێڕانەوەی فەرموودەدا و ئەو کاریگەرییە نەرێنییەی کە هەندێک لەم گێڕانەوانە لەسەر تێکەڵبوونی ئەفسانە بە میژووی ئیسلامی جێیانهێشتووە. گرفتەکانی تویژینەوەکە بەگشتی دوو لایەن بوو دۆزینەوە و دیاریکردنی مسوڵمانە بنجووەکان وڕۆڵ و کاریگەرییان و لەلایەکی ترەوە هەستیارێی بابەتەکە ببووە لەمپەرێکی قورس و تەرخانکردنی کاتێکی زۆری پێویست بوو.

لەم تویژینەوەیەدا لە خستنە ڕووی زانیارییەکان پشتمان بەستووە بە سەرچاوە ڕەسەنەکان لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

هەرچەندە چەند تویژینەوەیەك پێشتر لەبواری ئیسرائیلیاتدا ئەنجامدراون، بەڵام بۆ تویژینەوەکە بەسوود نەبوون; چونکە لە تویژینەوەکاندا جەندین ڕوونکردنەوە لە ڕەگی زمانەوانیی زاراوەی "ئیسرائیلیات" کۆڵراوەتەوە و پێناسەی زانستیی بۆ کراوە. بەشێوەیەکی زۆر سانا پەنجە خراوەتە سەر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت بوونی هۆزە جوولەکەکان لە مەدینە و موسڵمانبوونی بەشێکیان، کە وەک دەروازەیەک بۆ تێکەڵبوونی کەلتوور و گێڕانەوەکان وێنا کراوە، هەڵوەستەی لەسەر سەرچاوە میژوویییە کلاسیکییەکان (وەک میژووی تەبەری) کردووە و ڕۆڵیان لە گواستنەوەی ئەم گێڕانەوانەدا دەستنیشانکردووە. تویژینەوەکان چەمکە عەقائیدی و هزرییە قوواڵەکانی وەک (تەسەوف، مەهدی، ڕەجعە، و ئیمامەت) دەرهاویشتەی کاریگەریی ئیسرائیلیات و موسڵمانە بنجووەکان. بەڵام ئەم بانگەشە گەورانە بەبێ خستنەڕووی نموونەی بەرجەستە و بەڵگەی دەقیی و کەمیی بەڵگەی سەلمێنەر ماونەتەوە. لە هەمان کاتدا بەراوردکارییەکی ورد لە نێوان "دەقە جووییەکان" و "چەمکە ئیسلامییەکان"دا نەکراوە بۆ سەلماندنی وتەکانیان. ئەمە سەراری ئەوەی پشتبەستراوە بە سەرچاوەی لاوەکی بۆتە جێگەی تێڕامان، زۆرێی پشتبەستنە بە "ژێدەرەکان" لەبری گەڕانەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتی و یەکەمینەکان. بۆ بابەتێکی هەستیاری لەم چەشنە، پێویست بوو شیکارییەکە لەسەر بنەمای دەقە ڕەسەنەکان بێت نەک تەنها گواستنەوەی بۆچوونی نووسەرانی دیکە، (أبو علاء، ٢٠١٠، ص٤٢)، (حمدان، ٢٠١٥، ص١٤٩)، (بخوش، ٢٠١٦، ص٣٤)، (سلامة، ٢٠٠٨، ص٢٣)

تەوەری یەکەم:
ڕۆڵی مسوڵمانە بنجووەکان لە هەژموونی پاشخانی مەعریفەی جوولەکە لە ئیو دانراوەکانی مسوڵمانەکاندا

یەکەم: (عبدالله بن سلام) وتوویەتی من فەرموودەیەک ناگێڕمەوە کە لە پەرتووکێکی ئاسمانیدا یان بۆ پێغەمبەرێک نەنێردرابێت (أبن هشام، ١٩٥٥، ٥١/١). ئەم وتەیە دروستنێت یان نا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەوڵدراوە وتەو گێڕانەوەکانی بنجووەکان بە تەوراتەوە پەیوەستبکرێن و هەرشتێکیان وتبێت، واوێناکراوە کە لە تەوراتەوە وەریانگرتووە. هەروەها دەوترێت یوسفی کوڕی (عبدالله بن سلام)، بە پێغەمبەری (د.خ) وتووە: کە من قورئان و تەورات و ئینجیل دەخوێنمەوە، بەڵام پێغەمبەر (د.خ) پێیوتووە: شەوێک قورئان بخوێنە و شەوێکیتر ئینجیل و تەورات بخوێنە (الطبرانی، ٣٢٧/١٣). لەڕێگەی ئەم گێڕانەواوە ویستوویانە پەیامی گرنگی و بە بەها بوونی تەورات بگەیەنن بە مسوڵمانان، گوایە ڕێگەپێدراون لەلایەن پێغەمبەرەوە بۆ خوێندنەوەی تەورات و ئەویش شان بەشانی قورئان گرنگە و هێشتا بە پەیامی خوایی دانراوە.

لەلایەکی دیکەوە هەوڵدراوە ئەو گێڕانەوانەی دراوەتە پاڵ بنجووە موسوڵمانەکان و تێهەڵکێشی بۆچوون و زانیارییەکانی ئایینی جوو بە زانیارییە ئایینیەکانی مسوڵمانان بکرێت، بۆ نمونە لە بابەتی ڕۆژی دواییدا وتراوە (عبدالله بن سلام) باس لە فراوانی نێوان دەرگاکانی بەهەشت دەکات و دەڵێت "دووریی دەرگاکان چل ساڵ دەبێت، تامەزرۆیی موسوڵمانان بۆ بەهەشت کە دەچوێنێت بە وشتری بیابان کاتێک ئاوببینن چۆن دەچن بۆ خواردنەوەی ئاوەکە" ئەو ژمارایەی نێوان دەرگاکانی بەهەشت ڕوونییە دروستکراوە چۆن پێوانەی دوری سەر *زەوی بە پێوانەی ماوەی نێوان ساڵ دەچوێنێت بەمەش نزیکیی خستۆتەوە لە خورافیات ئاماژەی پێکردووە* (الطبراني،١٤/، ٣٣٨). هەروەها چەندین کەسایەتی دیاری موسڵمانی بنجوو باسیان لە ڕووداوەکانی ڕۆژی دواپی کردووە، بۆنموونە (کعب الأحبار ت 32ک/652ز) یەکێکی دیکە بوو لە زانا جووەکانی حەمیر لە یەمەن لە مەدینە موسڵمان بووە سەردەمی خەلیفە (عمر بن خطاب) لەشام نیشتەجێبووە (إبن الجوزي ،٢٠٠٠، ٣٦٦/٢). کەعب بەوە ناسرابوو کە زانیارییەکی زۆری لەسەر پەرتووکە کۆنەکان هەبووە و گێڕانەوەکانی کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ڕاڤەی قورئان و پەرتووکەکانی میژووی ئیسلامی بەجێهێشتووە. بەگشتی باس لە یاجوج و ماجوج کردووە کە شێوەیان جیاوازە، هەندێکیان وەک برخ(بالا کورتن)، بەڵام هەندێکیان بالایان بەرزە و درێژی و پانیان چوار بانن، هەندێکیان گوێیەکانیان درێژەو خۆیان پێداپۆشیوە هێلکەدانی ژنەکانیان دەخۆن (القرطبي ، ١٤٢٥هـ، ٣، ٣٢٨).

دەوترێت کەعب لەڕێگەی ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ (عبدالله بن سلام)دا کردویەتی ئەوەی بەگوێی مسوڵمانەکاندا دوە کە بنجووەکان بە چاوێکی بەرختر لە ئایینەکەی خۆیان و تەوراتیان ڕوانیوە، هەر لەڕێی ئاینەکەیانەوە وردەکاری ڕۆژی دواپی و لێپرسینەوە و سزا و پاداشت وەرگرتن دەگێڕنەوە و دەخرێتە سەر زانیارییەکانی مسوڵمانان سەبارەت بەڕۆژی دواپی، چونکە عەبدوڵلا لە کەعب دەپرسێت: کەعب تۆ ئایینی مووسات بەجێهێشت و شوێنی ئایینی موحەمەد (د.خ) کەوتیت؟ لە وەڵامدا ووتویەتی: نەخێر، هێشتا لەسەر ئایینی مووسام، بەڵام شوێنی ئایینی موحەمەد (د.خ) کەوتم. عەبدوڵلا پرسی: بۆچی؟ ووتی: من لە نووسراوە ئاسمانییەکاندا بینیم کە لە ڕۆژی دواپی، ئومەتی موحەمەد (د.خ) بە دابەشدەکرێن: بەشێکیان بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشت، بەشێکی تریان لێپرسینەوەیەکی زۆر ئاسانیان لەگەڵدا دەکرێت، بەشی سێیەم (تاوانبارن)، خوا بە فریشتەکان دەفەرمووێت:"لەم بەندانەم خۆشبووم" (بن سلام،٢٠٠٤، ٧٨٩/٢).

کەعب لە ڕاڤەی قورئاندا بۆ ئایەتی "عِندَ سِدۡرَةِ ٱلۡمُنتَهَىٰ" سورة النجم: الآية، ١٥ دوو لێکدانەوەی بۆ چەمکی "سدرة المنتهى" کردووە، کە یەکێکیان فەلسەفی و مەعریفە ناسییەو یەکێکیتریان کارگێڕییە"سدرة المنتهى" وەک سنووری ڕەهای زانین و مەعریفە، پێناسە دەکات. ئەو خاڵەیە کە زانینی هەموو دروستکراوەکان، جا مرۆڤ بن، فریشتە بن، یان هەر بوونەوەرێکی تر، لەوێدا دەوەستێت. ڕەهەندە فەلسەفەکەش بنەمایەکی زۆر گرنگی ئیسلامی دادەمەزرێنێت، بریتییە لە جیاوازیی ڕەها لەنێوان زانینی بەدیهێنەر (علم الخالق) و زانینی بەدیهێنراوە (علم المخلوق). "سدرة المنتهى" ئەو پەردە یان سنوورەیە کە جیهانی "غەیبی ڕەها" (الغيب المطلق)، کە تەنها خودا دەیزانێت، لە جیهانی "پەنهانیی ڕێژەیی" (الغيب النسبي)، کە دروستکراوەکان دەتوانن هەتا ڕادەیەک پێی ئاشنابن جیادەکاتەوە. ئەم لێکدانەوەیە جەخت لەسەر بێتوانایی و

سنووردارِیی عەقڵ و مەعریفەی مرۆڤ دەکاتەوە لە ئاست زاتی خودا و نەیتنییە گەورەکانی بوونداِ. ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە هەرچەندە زانست و مەعریفەی مرۆڤ فراوانبێت، هەمیشە سنوردِێکی هەیە کە ناتوانێت لێی تێپەڕێت. ناوەندی کارگێڕیی گەردوون، خاڵێکی ناوەندی لە سیستەمی کارگێڕیی گەردوونیدا وێنا دەکات. ئەو وێستگەیەیە کە فەرمانەکانی خودا لە سەرەوە بۆی دادەبەزن (بۆ ئەوەی دابەشبکرێن بەسەر جیهانی خوارەوەدا)، کار و کردەوە و چارەنووسی دروستکراوەکان لە خوارەوە بۆی بەرزدەبنەوە. "دیوانی ناوەندی" یان "خاڵی کونترۆڵ" لەم. سیستەمەدا. ئەو شوێنەیە کە فەرمانی خودایی لە شێوەی ڕەهای خۆیەوە دەگۆڕێت بۆ فەرمانی جێبەجێکردن بۆ جیهانی دروستکراوەکان.

سۆفیگەریی بە شێوەیەکی بنەڕەتی گرنگی بە گەشتی ڕۆحی، پلەبەندیی گەردوونی، و جیهانی پەنهانیان داوە، هەرئەم لێکدانەوەی (کعب الأحبار) بۆ "سدرة المنتهى" کە پێیوابوو شوێنێکە وەک ناوەندِێکی کارگێڕییە، کە بە نەخشەیەکی ڕۆحیی بۆ سۆفییەکان وێنای کردووە، گەشتن بەم ئاستە و تێگەشتن لەم نەخشەیەی "سدرة المنتهى" دەگەیتە بەرزترین پلە و پێگەی ڕۆحی بۆ مرۆڤێکی ئاسایی کە (جگە لە پێغەمبەر) دەکرێت پێبگەیت. ئەو شوێنەیە کە فەرمانی خودایی لێوە دەردەچێت و کردەوەی عارفان بۆی بەرز دەبێتەوە. ئەم وێنە سیستەماتیکە بە تەواوی لەگەڵ بیری ئەواندا دەربارەی (پلە و دۆخە ڕۆحییەکان) دەگونجا(الطبری: ٢٢/ص٥١٤). کەعب زۆر باسی لە ئاژاوە و نیشانەکانی ڕۆژی دواِیی کردووە. ئەمەش ترسی لە دڵی خەڵکیدا دروستکردووە و هانیداون بۆ وازهێنان لە دونیا و خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژی دواِیی، ئەمەش یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی هزری سۆفیگەریی وتوێەتی: سۆفی لەگەڵ چاکەکار ئەژمارِدەکرێت، هەردووکیان لە ڕۆژی دواییدا خۆشحاڵن، لە دونیاشدا خوا لەناو ماڵەکانیاندا دەیانپارێزێت. خودا بەندەی مسوڵمان (سۆفی) خۆشدەوێت، دونیایی لێدوورِدەخاتەوە هەتا پلەی لە بەهەشتدا بەرزبکاتەوە، ڕِق لە بەندە نامسوڵمانەکانە و دونیای بۆ مسۆگەردەکات تا لە خوارترین دامێنترین شوێنی دۆزەخدا بێت (الأصبهانی:١٩٧٤، ٣٦٦/٥). (کعب الأحبار) بۆ پێداگری لەهزریی سۆفیگەریی و هاندانی بیرۆکەی خۆگرتنەوە یەو سودی لە فەرمودەکان وەرگرتووە هەروەکو پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: خوا بەبەندەکانی فەرموو سوپاسگوزارین بە هەژاریتان (مژدەبێ و خەمبار مەبن)، چونکە ئەگەر دونیا لای خوا هێندەی باڵێکی مێشوولە گرنگی هەبوایە، بەراورد بەوەی لای من پێشکەشتان دەکرێت (لە سۆز و میهرەبانی و پاداشت)، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا هیچم پێنەدەدان، هەروەها ئەو فەرمودەیەیکە فەرموویەتی: "کاتێک بەندەیەکی هەژار داوایەک لە خودا دەکات، پێیاندەوترێت مژدەبێ و بێخەمبن، چونکە ئێوە لەپێش دەوڵەمەندەکانەوە دەچنە بەهەشت"، بۆیە پێغەمبەران (د.خ) لە کاتی هەژاریدا زیاتر دڵخۆش و ئاسوودەبوون، وەک لە کاتی دەوڵەمەندیدا، چونکە بەڵا و ناڕەحەتییەکانی ژیانیان لەسەر قورستڕکاوە، کاتێکیش لە ئاسوودەییدا بوونایە، دەترسان لەوەی کە ئاماژەبێت بۆئەوەی لەوانەیە تاوانێکیان کردبێت (الأصبهاني، ١٩٧٤، ٣٦٤/٥).

(عبدالعزیز بن الجریج) مسوڵمانێکی بە ڕەچەڵەک جوو بووە لەسەدەی(2 ک/623ز)دا ژیاوە (الذهبي، ١٩٨٥،٣٢٥/٦). چەندین گێڕانەوەی دەربارەی دۆزەخ و بەهەشت و ڕۆژی دواِیی هەیە وەک ئەوەی وتوویەتی: "ئەوانەی لە دۆزەخدان وتیان بە فریشتەکانی دۆزەخ پەروەردگارتان بانگبکەن بۆمان با ڕۆژێک لە سزاکەمان کەمبکاتەوە، بەڵام فریشتەکە هەتا ماوەیەکی نادیار وەڵامیان ناداتەوە" (الحنبلي، ١٩٨٨، ٢٠٧).

ئەم زانیارییانە زیادکراون بۆ ناو پاشخانی مەعریفە ئیسلامی و زۆر بە ووردی هاوشێوەی چیرۆک یان وەک ئەوەی کەسێک بینیێتی لێپرسینەوەی ڕۆژی دواِیی و ڕووداوەکانی دۆزەخ و بەهەشتیان گواستۆتەوە، بە ڕادەیەک ئاوێتەبوون کە جیاکردنەوەیان لەگەڵ خودی فەرموودە ڕاستەقینەکاندا پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویی تایبەت لەو بوارداِ هەیە، هۆکارەکەشی گرتنەبەری چەندین ڕێگەی جیاواز ،وەک گەڕانەوەی فەرموودەکە بەوەی هاوشێوەیە لەگەڵ تەوراتدا یان دراوەتە پاڵ یەکێک لە هاوەڵە متمانەپێکراوەکان. بۆ نمونە کە باسی ووردەکارییەکانی ڕۆژی دواِیی دەکات، وتوویەتی "ئیمەی (مسوڵمان) لە ڕۆژی دواییدا لە پلەیەکی بەرزداین، نەتەوەکان بانگدەکرێن لەگەڵ ئەو بتانەی کە پەرستوویانن، بەهۆی هاوبەشدانانیان بۆ خوا دەچنە دۆزەخ، ئیمەش بە پەرستنی پەروەردگارمان ڕووی خۆی نیشانی مسوڵمانان دەدات، هەندێک لە مسوڵمانەکان بەهۆی ڕِێژەی پەرستشەکانیانەوە ڕووخساریان ڕووناکدەبێتەوە (الحنبلي، ١٩٨٨، ٢٠٨). هاوکات باس لەو کەسانە دەکات کە دەچنە بەهەشت، وتەکەش دەگێڕێتەوە بۆ (ابن العباس) کە وتوویەتی لە پێغەمبەرەوە گوێم لێبووە فەرموویەتی: "من سێ جار عەرەبم خۆشدەوێت، خۆم عەرەبم قورئان بە عەرەبی هاتۆتەخوارەوە، دانیشتوانی بەهەشت عەرەبن" (المقدسي، ٢٠١١، ٢٤/١) ئەم وتانە مەرج نییە هەموویان لەلایەن بنجووەکانەوە وترابن، ئەگەر هەیە هەندێکیان بە دەمیانەوە هەڵبەستراِبێت، هەتا زیاتر باوەڕ بە بە وتەکە بکرێت، بەوەی بنجوویەک گێڕاویەتیەوە نەک عەرەبێک، بەمەش ڕەهەندێکی مێژوویی بۆ پرسی فەرموودەکە دروستبکەن، یاخود ئەگەر لە ستایشی عەرەبدا بێت، ئەوا جێگەی بڕوا پێکردن بێت بەوەی جولەکەیەک وتوویەتی یان گێڕاویەتییەوە. (وهب بن منبه ت104ک/722ز) یەکێک بووە لە مسوڵمانە بنجووەکان کەلەسەردەمی خەلیفەی (عثمان بن عفان)دا لە نەجران لەدایکبووە، مێژوونووس و گێڕەرەوەیەکی بەناوبانگە، بە ڕەچەڵەک جولەکەیەکی فارسی بوو، شارەزایەکی تەواوی زمانی عیبریی بوو . ئەویش هاوشێوەی کەعب، ڕۆڵێکی گرنگی لە گواستنەوەی ئیسرائیلیاتدا هەبوو، بەڵام زیاتر گرنگی بە چیرۆکی پێغەمبەران و پاشاکانی کۆن دەدا (إبن هشام:١٩٥٥،٣٤/١)، لە گێڕانەوەکانیدا بە جۆرێک ئاماژە یکردووە کە خودی پێغەمبەری بینیبێت یان سەرجەم پەڕاوە ئاسمانییە دەستکاری نەکراوەکانی لەبەردەستدابووبێت، لەڕِێگەی گێڕانەوەکانی بنجووەکانەوە، بۆیە هاوکات کارکراوە بۆ ئەوەی بەشێک بابەتی ئیسرائیلیات خزێنراوەتە ناو پاشخانی مەعریفەی ئایینی موسڵمانانەوە لەوێنەی: خوێندنی سورەتی (الملک)، کە گوایە لە تەوراتدا هەیە، هەروەک چۆن لە قورئاندا هەیە، خوێندنەوەی ئەم سورەتە هۆکارە بۆئەوەی مرۆڤ توشی ئەشکەنجەی گۆڕ نەبێت، سورەتەکە فریادڕەس و بەرگریکارە لە ڕۆژی دواییدا لەبەردەم پەروەردگاردا بۆ خوێنەرەکەی (ابن عادل، ١٩٩٨، ٢٢٢/١٩)

لەگێڕانەوەیەکی تردا وەهەب گێڕاویەتیەوە کە لە تەوراتدا خوێندویەتیەوە: "تەمەنی چل ساڵی وەک کشتوکاڵێکە کە دروێنەکەی نزیک بووەتەوە، تەمەنی پەنجا ساڵی بۆ لێپرسینەوەی خۆتانە، لە تەمەنی شەست ساڵیدا، هیچ بیانوویەکتان نیبە، ئەی حەفتا ساڵەکان، خۆتان لەگەڵ مردووان بژمێرن " (البیهقی، ١٩٩٦، ٢٤١) ژیان وەک کێڵگەیەکە، کردەوەکانمان تۆو و دانەوێڵەن، و مردنیش کاتی دروێنەیە، دواتر بۆ پەنجا ساڵی بانگکردنە بۆ لێپرسینەوەی پێشوەختە، ئەمە قۆناغی کۆتاییهاتنی بیانووەکانە. مرۆڤ لە تەمەنی شەست ساڵیدا ئەزموونێکی زۆری ژیانی وەرگرتووە، ئەمە کۆتا و کاریگەرترین پەیامە. واتە ئێوە ئەوەندە لە مردن نزیکبوونەتەوە کە دەبێت وا هەست بکەن ئیتر بەشێک نین لە زیندووەکان، بەڵکو میوانی چەند ڕۆژێکی کەم ماونەتەوە، دەکرێت مەبەستی بێئومێدکردنی مسوڵمانان بێت لەو تەمەنانەدا بەردەوام هەموو مێشک و خەیاڵی لای مردن بێت، چیدی کاری بە دونیا نەبێت.

دووەم: لەگەڵ فراوانبوونی شارستانیەتی ئیسلامی و گەشەکردنی بزووتنەوەی وەرگێڕان، ڕۆڵی موسوڵمانە بنجووەکان لە گواستنەوەی زارەکییەوە گۆڕا بۆ بەشداریی ڕاستەوخۆ لە بواری زانستییە جیاوازەکاندا، بەتایبەت لە پزیشکی، فەلەکناسی و فەلسەفەدا.

کەسایەتییە دیارەکانی ئەم قۆناغە: یەکێک لەو کەسایەتییانە(علی بن رین الطبری ت٢٤٧ک/ ٨٦١ز)؛ پزیشک و زانایەکی گەورە بوو کە لە بنەماڵەیەکی جولەکەی فارسی بوو، لەسەر دەستی خەلیفە موعتەسیم مسوڵمانبوو (ابن الندیم، ٢٠١٤،٢/٢٩٦). ئەو نووسەری یەکێک لە کۆنترین ئینسایکلۆپیدیا پزیشکییەکانە بە ناوی "فردوس الحکمة" (ابن الفقیه، ١٩٩٦، ٢٠). ئەم پەرتووکە نەک هەر پشتی بە سەرچاوە یۆنانی و سریانییەکان بەستووە، بەڵکو زانیاریی پزیشکیی هیندیشی تێدا کۆکراوەتەوە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاشنایەتیی ئەو بوو بە زمان و کلتوورە جیاوازەکان، خاوەنی چەندین پەرتوکی وەک(أرفاق الْحَيَاة، تحفة الْمُلُوك، تَرْتِيب الأغذية) بووە، هەروەها عەلی بە مامۆستای پزیشکی بەناوبانگ ئەبوبەکر ڕازی، دادەنرێت (ابي أصيبعة، ٤١٤). پەرتووکی "فردوس الحکمة"ی کاریگەرییەکی زۆر قووڵ و بنەڕەتیی لەسەر مەعریفە و زانستی پزیشکیی موسڵمانان هەبوو، ئەمەش بووە بەردی بناغەکە پزیشک و زانایانی دواتر کاریان لەسەرکرد و پەرەیان پێدا، چونکە پشتی بە یەک سەرچاوە نەبەستووە. بۆ یەکەمجار زانستی پزیشکیی سێ شارستانییەتی گەورەی تێکەڵکردووە، یەکێک لە گەورەترین کاریگەرییەکانی "فردوس الحکمة" بووە سەرچاوەی سەرەکی بۆ یەکێک لە گەورەترین پزیشکەکانی میژوو، (أبوبکر محمد بن زکریا الرازی)، ڕازی قوتابی تەبەری بووە و بەشێوەیەکی بەرفراوان سوودی لە پەرتووکەکەی وەرگرتووە. ڕازی چەندینجار ئاماژە بە "فردوس الحکمة" و وتەکانی تەبەری دەکات. بەمەش هەوڵ و بەرهەمە زانستییەکەی تەبەری لە ڕێگەی ڕازییەوە گەیشتە لوتکە (الرازی، ٢٠٠٢، ٤٤٤/١)، سەرەڕای ئەوەی پەرتوکەکانی تەنها باسی نەخۆشی و دەرمانی نەدەکرد. بەڵکو بوارەکانی وەک تەندروستیی گشتی، زانستی خۆراک، دەروونناسی، کۆرپەلەزانی، فەلسەفە، گەردوونناسی، و ئاژەڵناسیشی لەخۆ گرتبوو. ئەم دیدە هەمەلایەنەیە وایکرد کە لەلایەک ڕوونبێتەوە پزیشکی تەنها چارەسەرکردنی نەخۆشی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە هەیە. لەلایەکیترەوە نووسینەکانی ئەم بە زمانی عەرەبی یارمەتیدەر بوو لە داڕشتن و یەکخستنی زاراوە پزیشکییەکان بە زمانی عەرەبی.

کەسایەتییەکی تر (سند بن علی ٣ک/ ٩ز): گەردوونناسی و بیرکارێکی بەناوبانگ بوو کە بنجوو بوو لە سەردەمی خەلیفە مەئموندا ژیاوە و لەسەردەستی خەلیفە مسوڵمان بووە، خشتە گەردوونیەکانی (زیج) پەرەپێداوە بۆ دیاریکردنی جوولەی هەسارەکان بەکارهاتووە، سەرپەرشتی ئەو لێژنانەی کە چاودێریی جوولەی ئەستێرەکانیان کردووە ، کە لە سەردەمی مەئموندا زۆر گرنگی پێدەدراوە (ابن الندیم، ٢٠١٤،٢/٢١٤، ٢٣٧)، بۆ دیاریکردنی کاتەکانی نوێژ کاتەکانی پێنج نوژەکە لە شارە جیاوازەکاندا، کە پشت بە جوولەی خۆر دەبەستێت، دیاریکردنی ئاڕاستەی قیبلە بۆ دروستکردنی مزگەوتی نوێ لە ناوچە فراوانەکانی خیلافەتی ئیسلامدا، پێویستیان بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی مەککە. دیاریکردنی سەرەتای مانگە کۆچییەکان بینینی مانگ بۆ دەستپێکی مانگەکانی وەک ڕەمەزان، شەوال (جەژن)، و زولحەججە (حەج) زۆر گرنگ بوو. چاودێریکردنی جوولەی مانگ یارمەتیدەر بوو ە بۆ پێشبینیکردنی کاتی دەرکەوتنی، هاوکار و ڕێنوێنیی دەریاوان و کاروانەکان، بەشداریی لە وەرگێڕانی پەرتوکی "مەجستی"ی بەتلیمۆسدا کردووە لەبواری گەردوونناسی و ئەستێرەناسیدا بووە (صدیق خان، ٢٠٠٢، ١٨٨).

لە بواری فەلسەفە و زانستی کەلام کاریگەریی ڕاستەوخۆی جووەکان لەسەر فیقهـ و زانستی کەلام لەم قۆناغەدا لەلایەن جەند کەسایەتییەکەوە ڕوونبۆتەوە:

بۆ نموونە، (سعید الفیومي ٣٣٠ک/٩٤٢ ز)، کە یەکێکبوو لە گەورەترین بیرمەندانی جوو لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا، لە میسر لەدایک بووە، دواتر چووەتە فەڵەستین و لەوێشەوە بۆ بەغداد. جووەکان ڕاڤەکەی بۆ تەورات بە زمانی عەرەبی بە یەکەم وەرگێڕانی عەرەبی تەورات دادەنرێت ڕاستەوخۆ لە زمانی عیبرییەوە. ئەم پەرتووکە یەکەمجار لە قوستەنتینییە لە ساڵی (٩٥٣ک/١٥٤٦ز)دا چاپکراوە، یەکەم دەق عەرەبی دانراوە کە لە ڕۆژهەڵاتدا چاپکرابێت. زۆرێک لە جووەکان بە ڕاستترین دەق تەورات دادەنێن، هەر ئەمەش وایلێکرد تەنها زانایەک نەبێت کە لەناو کۆمەڵگەی جوودا قەتیس بێت، بەڵکو کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر بوو لەناو ژینگەی هزریی و ڕۆشنبیریی گشتیی خیلافەتی عەباسیدا. وەرگێڕانەکەی بووە هەنگاوێک بۆ زانستی بەراوردی ئایینەکان (علم مقارنة الأديان) خۆشکرد بووە (المسعودی،٩٩/١) سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ زانایانی وەک (البیروني ت٤٤٠هـ/١٠٨٠ز) و (بن حزم ت ٤٥٦ک/١٠٦٥ز) هەتا لێکۆڵینەوە لە ئایینی جوو بکەن (الحموی، ١٩٩٣، ٢٤١/١).

سەعید هەمان ئەو ئامراز و لۆژیک و شێوازە عەقڵانییەی بەکارهێناوە کە زانایانی کەلامی ئیسلامی بەکاریانهێناوە. پەرتووکە فەلسەفییە بەناوبانگەکەی، "الأمانات والاعتقادات"، بە زمانی عەرەبی نووسراوە و تێیدا بیری ئایینیی جووەکانی بە بەکارهێنانی فەلسەفە و ژیرێژی شیکردووەتەوە. ئەمەش وایکرد بیروبۆچوونەکانی بۆ خوێنەری موسڵمان ئاشنا و جێگەی گفتوگۆ بن و بێتە بەشێک لە مشتومڕو دەمەتەقێی هزرییەکانی ئەو سەردەمە. بۆ وەرگێڕانی پەرتوکیکی ئاڵۆزی وەک تەورات، سەعید ناچاربووە زاراوەی نوێی دابتاشێت یان زاراوە عەرەبییەکانی بە شێوەیەک بەکارهێناوە کە مانایەکی نوێی ئایینی ببەخشن. ئەمەش زمانی عەرەبی دەوڵەمەندتر کرد و وایکرد بێتە زمانێک کە بتوانێت گوزارشت لە چەمکە وردەکانی ئایین و فەلسەفەی جوو بکات. گەشتە ئامانجی کارەکەی کە تەنها وەک زانایەکی جوو نەبێت کە لەناو جیهانی ئیسلامیدا بژی، بەڵکو بەشداربوویەکی چالاک بێت لە ژیانی هزریی سەردەمەکەیدا. ئەو زمانی عەرەبی و میتۆدی فەلسەفیی ئیسلامی بەکارهێنا بۆ ئەوەی هەم بەرگری لە ئایینەکەی خۆی بکات و هەمیش ببێتە پردێک بۆ تێگەیشتنی موسڵمانان لە ئایین و هزری جوو. لەو پەرتوکانەی کە بە زمانی عەرەبی نووسیوونی و هەوڵیداوە فەلسەفەی یۆنانی و کەلامی ئیسلامی لەگەڵ بیروباوەڕی جوودا بگونجێنێت. ئەمەش نموونەیەکە لەو دەمەتەقێ هزرییە بەرفراوانەی کە لەو سەردەمەدا لەئێوان شوێنکەوتەی ئایینەکاندا هەبووە.

هەروەها زانای دیار و کەسایەتی وەک (ماشاءالله بن أثری ١٩٩ک/٨١٥ز) یەکێک بوو لە دیارترین زانایانی بواری ئەستێرەناسی لە سەرەتای دەوڵەتی عەباسیدا. کە زانایەکی بە ڕەچەڵەک جووی فارس بوو کە لە شاری بەسرە لەدایک ببوو، بەڵام زۆربەی ژیانی زانستیی خۆی لە بەغدای پایتەختی نوێی خیلافەتدا بەسەربرد. ماشائەڵڵا بەهۆی ئەو قۆناغە زۆر هەستیار و گرنگەی تیایدا ژیاوە، کە سەرەتای سەردەمی شارستانیەتی ئیسلامی و بزاڤی جوولانەوەی وەرگێڕانبوو (أبن الندیم، ٢٠١٤،٢/٢١٤، ٢٣٣). یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی بەغداد کاتێک خەلیفەی عەباسی، ئەبو جەعفەری مەنسور، بڕیاری دروستکردنی شاری بەغدادیدا، پشتی بە کۆمەڵێک زانای ئەستێرەناس بەست بۆ دیاریکردنی باشترین کات و شوێن بۆ دەستپێکردنی کارەکە. ماشائەڵڵا یەکێکبوو لە دیارترین ئەو زانایانەی کە لە پرۆسەی پێوانەکردن و نەخشەکێشانی شارەکەدا بەشداربوو (الطبری ، ١٩٧٦، ٦١٤/٧).

تەوەری دووەم:
ڕۆڵی مسوڵمانە بنجووەکان لە پاشخانی مەعریفەی ئیسلامیدا

هەندێک لە زانا و حاخامە مسوڵمانبووەکانی جوو و تێکەڵبوونیان بە مسوڵمانان، توانیان جێدەستی خۆیان جێبهێڵن لە ڕاڤەکردنی قورئان و گێڕانەوەی فەرموودەدا، چونکە خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی ئایینی دەوڵەمەند بوون، لەمکارەشدا مەبەستی جۆراوجۆریان هەبووە، بۆیە پێغەمبەر (د.خ) زوو مسوڵمانانی ئاگادارکردۆتەوە و فەرموویەتی: "باوەڕ بە شوێنکەوتەی پەرتووکە ئاسمانیەکان مەکەن و بەدرۆشیان دامەنێن" (بخاری، ١٣١١هـ، ١١١/٩)، پیاوانی ئایینی جوو شارەزای تەورات و زمانی عیبری بوون، جووەکانیش بەگشتی تەنها ڕێنماییان لە زاناکانی خۆیانەوە وەردەگرت، کاتێک بە زمانی عەرەبی ڕوونکردنەوەیان کردووە پێویستی بەهەڵوێستە بووە، هەروەکو لە قورئاندا هاتووە ﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ الْكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ﴾ سورة البقرة: الآية، ٧٨ . ئەم ئایەتە بە ڕوونی دەڵێت کە زۆرێک لە جووەکان لە خوێندنەوە و زانینی ڕاستی تەورات بێبەش بوون. بۆیە کاتێک پەرتوکێک تەنها لە نێوان تۆێژێکی کەمینەی باڵادا قاتیس دامێنێتەوە، ئەو کاتە گۆڕانکاریکردن تیایدا لە بەرژەوەندی ئەو تۆێژەیە ساناتر و خوازراوترە کە پەرتووکە ئاسمانییەکان جێی گومانبن، و تەنها ئەو بەشەیان پەسەندە کە لە قورئاندا هاتووە و جەختی لێدەکاتەوە، چونکە گۆڕانکاریی لە دەق یان واتادا کراوە، یان شیکردنەوەی هەڵە بۆ دەقەکە کراوە (الرازی، ١٤٢٠هـ، ٥٠٠/١٢).

یەکەم: ستایشکردن و وێناکردنی جوو وەک گەلێکی باڵا و گەورەکردنیان:

بنجووەکان لەگێڕانەوەکانیاندا شارەزایی خۆیان و زیرەکیان دەخەنەڕوو بۆ مسوڵمانان، بۆئەوەی باوەڕی تەواو بە وتەکانیان بکرێت، مەبەستەکە وەک ستایش و پیاهەڵدان بەکارهاتبێت یان بۆشکاندن و لێدان بووبێت، ئەستەمە کە کەسێک خوودی پێغەمبەر (د.خ) نەبینیبێت، بانگەشەی بینینی پەرتووکە ئاسمانییەکانی پێشوو بکات، وەک ئەوەی (وهب بن منبه) کاتێک وتوویەتی" من لەکۆی (١٦٣) پەرتووک کە خوا بۆ پێغەمبەرانی ناردووە نەوەدوسێ پەرتووکم خوێندۆتەوە، دوو لاپەڕە بۆ ئادەم نێردرا، یەک لاپەڕە لە بەهەشت و یەک لاپەڕە لەسەر شاخی لوبنان، پەنجا لاپەڕە بۆ شیت کۆڕی ئادەم، سی لاپەڕە بۆ ئیدریس، دوو لاپەڕە بۆ نوح، یەک لاپەڕە پێش لافاوەکە و یەک لاپەڕە دوای لافاوەکە، چوار لاپەڕە بۆ هود، دوو لاپەڕە بۆ صالح، بیست لاپەڕە بۆ ئیبراهیم، پەنجا لاپەڕە بۆ موسا" (الحميري ،١٣١٤هـ،٩)خوێندۆتەوە. بەهەما شێوە سەبارەت بە بەکارهێنان و بایەخدان بە ژمارە لەلای (وهب بن منبه) دوو گێڕانەوە و لە دوو شوێنی جیاوازدا کە دوو ژمارەی جیاوازی وتووە ئەو پەرتووکە ئاسمانییانەی کە خوێندوونییەتییەوە. بەڵگەنەویستە کە زۆر لەو پەڕاوانە بوونیان نەماوە پێش ئیسلامیش نەمابوون چ جای بکات ئەوەی لەسەردەمی وەهەبدا هەبووبێت، ئەوانی دیکەشیان جگە لە (تەورات و ئینجیل) نەمابوون

جارێکیتر لەباسی پەیامبەردا دەڵێت "کە من ٧١ پەرتوکم خوێندۆتەوە، بەڵام کەسم نەبینی لە موحەمەد (د.خ) بێرفراوانتر و دووربینتر بێت" (العياص، ١٩٧٩، ٦٧/١). وەک دیارە بۆ جێگەکردنەوەی وتەکانی، شێوازێکی داڕشتنێکی بەکارهێناوە هەتا هاوڕایی و هاوسۆزیی مسوڵمانان بەدەستبهێنێت، چونکە پەرتووکە ئاسمانییەکان بۆ پێغەمبەران نێردراون کەسیان بانگەشەی ئەوەیان نەکردووە کە بەرهەمی هزر و بیری خۆیەتی، هەروەک قورئان وتەی خوای گەورەیە، نەک بەرهەمی زیرەکی و بیرفراوانی پێغەمبەر بێت..

(کعب الأحبار) بۆ نیشاندانی گەورەیی قورئان و بەرزنرخاندنی وەک هاوشێوەی تەورات ناوبهێناوە و وتوویەتی "موحەمەد تەوراتێکی نوێیان بۆ تۆ ناردووە، کە چاوی کوێر و کەڕ چاکدەکاتەوە، دڵی بێئاگا دەهەژێنێت" (السيوطي، ١٩٧٤، ١٥٨/١).ئەمەش هەوڵدانە بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە تەوراتیش هاوشێوەی قورئانە.

(کعب الأحبار) دەڵێت: "کەسم نەبینیوە کە وەک ئەبو هورەیرە بەتوانا بێت لە تەورات خوێندن" (الذهبي، ١٩٨٥، ٦٠٠/٢). کەعب لەم پیاهەڵدانەی ئەبوهورەیرەدا دوو ئامانج دەپێکێت، یەکێکیان ئەوەی بتوانێت تەورات بخوێنێت زیرەکیە و بایەخدان و گرنگی خوێندنی تەورات دەخاتەڕوو، چونکە تەورات خوێندن ئاماژەیە بۆ زیرەکی و لێهاتوویی، بەو پێودانگەی لەناو جووەکاندا تەنها ڕێگە بە زاناکانیان دەدرا فێری خوێندنەوەی تەورات بن. ئامانجێکی دیکەی گومان دروستکردنە دەربارەی ئەبو هورەیرە لەلای مسوڵمانان، چونکە یەکێکبووە لە هاوەڵانی پێغەمبەر و جێی متمانەی موسوڵمانان بووە و فەرموودەی پێغەمبەری گێڕاوەتەوە.

هەروەها لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕێتەوە: "لە بەهەشتدا درەختێک هەیە کە سوارێک دەتوانێت سەد ساڵ بە ناو سێبەریدا گەشتبکات"، دوای گێڕانەوەکە کەعب دەڵێت: "ئەو کەسەی تەوراتی بۆ موسا و قورئانی بۆ موحەمەد دابەزاندووە، ڕاستی وتووە" (خطيب، ١٩٨٢، ٢٨٤). ئەم شێوازەی کەعب بەرامبەر ئەبو هورەیرە ئەو بۆچوونەی لەلای هەندێک هێناوەتە ئاراوە کە ئەبو هورەیرە خوێندکاری کەعب بووبێت، بەڵام دەکرێت بە پێچەوانەوە بێت، کەعب ئەو فەرموودانەی قۆستبێتەوە کە لە ئەبو هورەیرەوە گێڕدراونەتەوە، چونکە خودی پێغەمبەری بینیوە و جێگەی متمانەی هاوەڵان بووە، بەمەش کەعب سوودی لەو پێگەیە وەرگرتووە.

بنجووەکان بەردەوامبوون لە تێکەڵکردنی ڕۆشنبیریی جووەکان لەگەڵ مەعریفەی ئیسلامدا، بۆ نمونە وەهەب لە چەندین وتە و ئامۆژگارییان تێکەڵ بە دەقە ئیسلامییەکان کردووە لە ژێر بانگەشەی ئەوەی کە سەرجەم پەرتووکە ئاسمانییەکانی بنیووە، توانیویەتی (زەبور) بخوێنێتەوە و لەزاری خۆیەوە بەناوی پێغەمبەر داود هەندێکیان دەگێڕێتەوە ،بە وێنە وەک ئەوەی دەڵێت: باوەڕداری ڕاستەقینە پێویستە ڕۆژانە چەند کاتێک دابنێت بۆتازەکردنەوەی باوەڕەکەی لەگەڵ پەروەردگار، بە لێپرسینەوە لە خۆدی خۆی، هەروەها بەسەربەردنی کات لەگەڵ ئەو کەسە نزیکانەی هەڵەکانت بۆ ڕاستدەکاتەوە و ئامۆژگاریت دەکەن، کاتێکت هەبێت چێژ لە ڕێگەپێدراوەکان (حەڵاڵەکان) وەربگریت، باوەڕدار نابێت کات بەفیڕۆبدات مەگەر یەکێک بێت لەم سێ کارە: کاری چاکە بکات بۆئەوەی ببێتە تۆشووی دواڕۆژ، یان کارێک بکات بۆ پەیداکردنی بژێوی بۆ باشترکردنی ژیان و دابین کردنی پێداویستییەکانی، یان چێژ وەربگرێت لە حەڵاڵ و ڕێپێدراوەکان (إبن المبارك، ١٠٥).

(وهب بن منبه) دەڵێت: "کاتێک داود تاوانەکەی ئەنجامدا، چل شەو لە کڕنوشدا مایەوە،سەری بەرز نەکردبووەوە پێش ئەوەی پاشا واتە (خوای گەورە) پێببڵێت: "تۆ ئەمە یەکەم گوناهتە، کۆتا نافەرمانیتە، سەرت بەرزبکەرەوە، ئەو ماوەیە ئاوی نەخواردۆتەوە هەتا خواردنی نەخواردووە تەنها بە فرمێسکەکانی دەمی تەڕبووە، ئەو جێگایەی کە پاڵتەکەوت بەفرمێسک تەڕیکردووە) (الأزدي، ١٩٨٣، ٢١/١١) ، هەرچەندە ئەم گێڕانەوەیە دووبارە لە ڕاستییەوە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو مسوڵماناندا بڵاوبۆتەوە، که کاتێک باوەڕدارێک تاوانێک دەکات پێویستە بۆ لێخۆشبوون زۆر بگری و کڕنوش زۆر ببات، بەمەش ئاستی باوەڕی بەرز ئەبێتەوە لای پەروەردگار و ئەگەری لێخۆشبوونی هەیە وەک دەبینین سۆفیەکان ئەم ڕێگەیە دەگرنەبەر.

بنجووەکان بۆ ئاینەکەیان هەستێکی ڕێشییەیان هەبووە و کاریگەرییەکەی ڕەنگیداوەتەوە لەگێڕانەوەکانیاندا، هەر ئەم زمان پاراوی و خاوەن ڕۆشنبیرییەیان بەردەوام بە ئاست بەرز و بەتوانا و بە زیرەک سەیردەکران لەناو مسوڵمانان.

دووەم: تێهەڵکێشکردنی ئیسرائیلیات و ڕۆڵی لە پاشخانی مەعریفەی ئیسلامی:

(خرشة بن الحر) یەکێک بووە لەو هاوەڵانەی لە مەککە موسوڵمانبووە دەگێڕێتەوە، کاتێک هاتووە بۆ مەدینە، (عبدالله بن سلام)ی بینیوە بەسەرهاتێکی گێڕاوەتەوە و وتوویەتی: لەپەرتوکی خوادایە، گرووپێک لە دۆزەخ دەردەهێنرێن لەبەر پارانەوەی پێغەمبەر ئیبراهیم کە بە خوای گەورەی دەفەرمێت "ئەی پەروەردگار، تۆ کوڕەکەمت سوتاند کەواتە ئەوان لە دۆزەخ دەربهێنە" (الطبرانی،١٦٥/١٣).

بەجۆرە گێڕانەوەکان لە موسوڵمانە بنجووەکان دەگێڕدرێتەوە جا خۆیان وتبێتییان یان بەدەمیانەوە وترابێت، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە پەرتوکە ئاسمانیەکە یان سەرچاوەکەی بدرێت. لە ڕێگەی گێڕانەوەکانی ناسراو بە ئیسرائیلیەکان، چەندین بابەتی و دوور لەڕاستی دەربارەی ڕووداوە پەنهانییەکان تێکەڵ بە بیر و باوەڕی ئایینی مسوڵمانان کراوە، هەروەها (وهب بن منبه) ئامۆژگارییەکانی لە چوارچێوەی وتەی نایاب و هاوشێوەی فەرووداوەتەوە، لەبەئەوەی وتەکەی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام دژ بە یەک نین،هەر لەبەر ئەمەشە لە هەندێ شووێندا وەک ئەوەی وتوێژی لەگەڵ خوادا کردبێت یان سروشی بۆ هاتبێت کە دەڵێت خودا فەرمویەتی: "سەرسام مەبە بە کەسێک کە دەستی ناپاریزێت لە خوێنڕشتن، لای خودا بکوژ ونابێت، سەرسام مەبە بە مرۆڤێک کە سامانی بەدەستهێناوە بەبێ ئەوەی لێی ببەخشێت، چونکە نازانن دوای مردنی چی بەسەردێت" (إبن المبارك، ٢٢١). هەروەها (وهب بن منبه) و (کعب الأحبار) سەبارەت بە ئاوی زمزم **پیرۆزیی زیاتریان بەخشیوە بە ئاوەکە و هەتا وەکو نهێنییەکی ئاسمانی دەربکەوێت** دەڵێن: "خواردنەوەی ئاوی زەمزەم وەک چارەسەری نەخۆشی سوودی هەیە، ئاماژە بەزۆر خواردنەوەی دەکات کە هەرکەسێک لێی بخواتەوە هەتا تێر ئاو دەبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە چارەسەری بۆ دەکات و نەخۆشییەکەی نامێنێت" (الصنعانی، ١٩٨٣، ١١٧/٥)، (النویری،١٤٢٣هـ ،٣١٨/١) هەروەها نیشانەکانی هاتنی ڕۆژی دوایی ڕێزکردووە، گوایە یەکەمیان هاتنی ڕۆمە و دووەم دەجال، سێیەم یاجوج و ماجوج، چوارەم هاتنی عیسای مەسیحە. (المروزي، ١٤١٢هـ، ٥١٩/٢) لە (کعب الأحبار)یشەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: لە تەوراتدا بینیومە پێغەمبەر داود ئەم نزایەی کردوو"خودایە، ئایەنەکەم بۆ چاکبکە کە پاریزەری کاروبارەکانمە، دونیاشم بۆ چاکبکە کە ژیان و گوزەرانمی تێدایە" کە پێغەمبەر لە نزاکانیدا و لە کاتی نوێژدا فەرمویەتی (إبن کثیر، ١٩٩٨، ٣٤١/٤). ڕێگەیەکی تریان بریتییە لە بەراوردکردنی ئایەتەکانی قورئان و بە تەورات، بۆنمونە بیسەلێنن کە ئەم تەوراتەی ئێستا لەبەردەستایە هاوشێوەی قورئان نێردراوی خوایە و دەستکاریی نەکراوە، هەروەها دروستکردنی ئەو بیروباوەڕە لەناو مسوڵمانانداە کە قورئان لە تەوراتەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەویش بە بوونی چەندین دەق هاوشێوە لە نێوان قورئان و تەوراتدا، هەروەک " يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡمَلِكِ ٱلۡقُدُّوسِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ " سورة الجمعة: الآية، ١، هەمان دەق لە تەوراتدا (١٧٠) جار دووبارە بۆتەوە. لە (کعب الأحبار) دەگێڕنەوە کە تەورات بەم ئایەتە دەستپێکردووە ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ﴾سورة الأنعام: الآية، ١ وە کۆتاییەکەشی بریتییە لە ئایەتی " وَقُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي لَمۡ يَتَّخِذۡ وَلَدٗا وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٞ فِي ٱلۡمُلۡكِ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ وَلِيّٞ مِّنَ ٱلذُّلِّۖ وَكَبِّرۡهُ تَكۡبِيرَۢا﴾سورة الإسراء: الآية، ١١١ (السیوطی،١٩٧٤، ١٤٤/١).

لەلایەکی تر،وە کاریگەریی ناراستەوخۆی فەرموودەناسەکان بە مسوڵمانە بنجووەکان ڕەنگیداوەتەوە لە گێڕانەوەی ئەو فەرمودانەی کە پێگەی سورەتە قورئانیەکان بەرزدەنرخێنن، بۆنمونە گوایە پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی"سورەتی یاسین دڵی قورئانە، چونکە لە تەوراتدا هاتوە کە خاوەنەکەی بە خێر و خۆشی دونیا دادەپۆشێت و ناخۆشی و بەڵاکانی دونیای لەسەر لادەبات، ترسی ڕۆژی دواییشی لێ دوورەدەخاتەوە" (الترمذي، ٢٥٨/٣). هەروەها لە گێڕانەوەی دیکەدا وتوویەتی تەورات دەستپێدەکات بە دە ئایەتی کۆتایی سورەتی (الأنعام) دەستپێکردووە (الرازي ، ١٩٨٧، ٩٤).

هاوکات بە گێڕانەوەی گفتوگۆی نێوان پێغەمبەر موسا و خوای گەورە لەسەر زاری (وهب بن منبه)ەوە ئاماژە بە هەندێک وردەکاری ڕۆژی دوایی دەکرێت: خوای گەورە لەباسی میللەتی ئەحمەددا فەرموویەتی: وەک بروسکە بەسەر پردی سیراتدا تێدەپەڕن. یان چاکەکارەکەیان تکای لێخۆشبوونیان بۆ ستەمکارەکەیان دەکات. چاکەکانیان بە دە پاداشت دەدرێتەوە و کارە خراپەکانیان بە یەک پاداشت دەدرێتەوە. لەهەمان گتوگۆدا لەڕێگەی پرسیارو وەڵامەوە، زۆر بە ووردی باسی ئەرکە ئاینییە ئیسلامییەکانیان کردووە: خوای گەورە دەفەرموێت میللەتی ئەحمەدە ڕۆژانە پێنج نوێژ دەکەن، حەج دەکەن خۆیان لێنادزنەوە، هەرکەسێک گوناهێک بکات، بە دەستنوێژێک لێی خۆشدەبم، چاکەکارانیان بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە، ئەوانەی پارەیان لاگرنگە پێگەیان کەمە لای خوای گەورە، پاشان موسا، وتی: ئەی پەروەردگار من بکە بە یەکێک لەوانە، وتی: ئەی موسا تۆ یەکێکیت لەوان و ئەوانیش یەکێکن لەتۆ، چونکە تۆ شوێن ئاینەکەیان کەوتی ئەوانیش شوێن ئاینەکەت دەکەون، بەڵام من بە پەیام و بە قسەکانم شانازیم بەتۆ بەخشیوە، لەوان هەژمارکراویت (البیهقی، ١٩٨٥، ٣٧٩/١).

سێیەم: ڕۆڵی مسوڵمانە بنجووەکان لە ڕاڤەکردنی ئایەتەکانی قورئاندا:

مسوڵمانە بنجووەکان لە ڕاڤەی قورئاندا کاریانکردووە لە بواری پرکردنەوەی کەلێنە مێژووبی و وردەکارییانەی کە لە دەقە قورئانییەکاندا بە کراوەیی بەجێهێڵدراون، بەتایبەتی لە چیرۆکەکانی گەلانی پێشوودا. ئەویش بە گواستنەوەی چیرۆک و بەسەرهاتەکانی کە لە تەورات و ئینجیلدا هاتوون شیکردنەوەی وشە و زاراوەکان بۆ یارمەتیدانی تێگەیشتنی مانای هەندێک وشەی قورئانی.

لە ڕاڤەکردنی ئایەتی ﴿لَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ﴾ دا سورة النحل: الآية، ٩٧، (وهب بن منبه) وتوویەتی مەبەست لە (طَيِّبَةٗ) قەناعەتکردنە بەوەی کە خوای گەورە پێی بەخشیویت (بن سلام، ٢٠٠٤، ٨٨/١) هەروەها لە ڕاڤەی "ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ " دا سورة طه: الآية، ٥، وەهەب وتوویەتی: لە تەوراتدا بینیومە، خودا بووە، هیچ شتێک پێش ئەو نەبووە، نەگوتراوە چۆن بووە؟ لە کوێ بووە؟ کێ هەبووە؟ چۆن هەبووە؟ بۆ یەکەم شت کە لە شتەکانەوە دروستبووە.(الذهبی، ٢٠٠٣، ٢/ ٢٠٥) لەڕاڤە و ناساندنی (تابوت)ی ئاماژەپێکراو لەئایەتی ﴿وَقَالَ لَهُمۡ نَبِيُّهُمۡ إِنَّ ءَايَةَ مُلۡكِهِۦٓ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلتَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَبَقِيَّةٞ مِّمَّا تَرَكَ ءَالُ مُوسَىٰ وَءَالُ هَٰرُونَ تَحۡمِلُهُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾سورة البقرة: الآية، ٢٤٨ وتوویەتی: نزیکەی سێ باڵ بە دوو باڵ بووە، بۆیە پێیوتراوە: چی تێدابوو؟ وتوویەتی: دارەکەی موسا و ئارامیی: دەرباری ئارامیش (سَكِينَةٌ) وتوویەتی: ڕۆحێک لە خوداوە قسەدەکات، هەتا ئەگەر لەسەر شتێک ناکۆکبوون پرسیاریان کرد، ڕوونکردنەوەیان پێبدات (عبدالرزاق، ١٩١٤هـ، ٣٦٠/١).

کۆمەڵێک کەسایەتی بە مەبەستی پەندو ئامۆژگاری لە قورئاندا باسکراون ، بەڵام بێتەوەی ناویان بهێنرێت یان جگە لەناویان، زانیاری دیکە لەبارەیانەوە خرابێتەڕوو

،مسوڵمانە بنجووانە ناو و شوێن و زانیاری زیاتریان دەربارەی هۆنیوەتەوە و باسکردووە، شوێنیان بۆ دیاریکردون، لەوێنەی ﴿ أَوْ كَٱلَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْيِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥ﴾ سورةالبقرة:الأية،٢٥٩، ئەو کەسە (عوزەیر) پێغەمبەرە لە پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل، دەربارەی وتراوە لە ناوچەیەکی شاخاوی وەستا و وتوویەتی: "چۆن خودا ئەم (شوێنە) زیندووەدەکاتەوە دوای مردنی؟!"... خوداش بۆ ماوەی سەد ساڵ ڕۆحیکێشا. کاتێک زیندووبووەوە، بینیی چۆن ئێسکەکان پێکەوە دەنوسێنەوە و گۆشت دەکرێت بەسەریاندا و ڕۆح دەکرێتەوە بە جەستەیاندا (عبدالرزاق، ١٩١٤ھ، ٣٦٨/١) ئەم چیرۆکە و ناوهێنانی شوێن و ناوی پەیامهێنەکە لە قورئاندا نەهاتووە.

لە (كعب الأحبار) دەگێڕنەوە دەربارەی عەرش کە وتوویەتی: کە لە تەوراتدا هاتووە "من خودام، لەسەروو بەندەکانمەوەم لەسەر تەختەکەم، کاروباری بەندەکانم بەڕێوە دەبەم" (الذهبی،١٥١٣ھ، ٤٥)

هەندێک لە ڕاڤەکارانی قورئان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی گێڕانەوە ئیسرائیلیەکان بە وێنە (مقاتل بن سليمان ١٥٠ک/ ٧٦٨ز) کە لەم ئایەتەدا ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِي حَآجَّ إِبْرَٰهِـۧمَ فِي رَبِّهِۦٓ أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحْيِۦ وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحْيِۦ وَأُمِيتُ ﴾ سورة: البقرة: الآية، ٢٥٨ ئامازە دەکات بەشێوازی مردنەکەی نەمردود لە ڕێگەی مێشولەوە کە چۆتە لوتیەوە و دوای چل ڕۆژ کۆشتوویەتی، کە سەیری ئایەتەکە بکەین دەبینین بە هیچ جۆرێک ئامازە بە جۆری شێواز و هۆکاری مردنی نەمرود نەکراوە؟ یان بە چەن ڕۆژ مردوە؟. بەهەمان شێوە لە ڕاڤەی ئایەتی " أَوْ كَٱلَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا﴾ سورة البقرة: الآية، ٢٥٩ باس لەو کەسە دەکات و دەڵێت ئەوە پێغەمبەر عوزێرە ،گوندەکەش (سابورایە) کە نزیک ڕووباری دیجلەیە، بەبیئەوەی لە ئایەتەکەدا ناوی کەس یان ناوی شوێن هاتبێت (البلخی، ١٤٢٢، ٢٢٤/٢٢).

لەجێگەیەکی تردا بۆ ڕاڤەی ئایەتی ﴿ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكًّا ﴾ سورة الأعراف: الآية،١٤٣ وتوویەتی کاتێک پێغەمبەر موسا داوای لە خوای گەورە کردووە کە خۆی نیشانبدات، خوای گەورە فەرمووی سەیری کێوەکە (کێوی طور) بکە، ئەگەر لە شوێنی خۆیدا مایەوە، ئەوا تۆش من دەبینیت. کاتێک خوای گەورە خۆی نیشانی کێوەکەدا، کێوەکە پارچە پارچە بوو دابەشبوو بەسەر شەش کێودا لە دوو شوێنی پیرۆزی مەککە و مەدینە (الطبری، ١٩٩٩، ٤٧١/٣).

لەڕاڤەی قورئاندا لەکاتێکدا باس لە پێغەمبەرانی پێشین یان بەسەرهاتەکانی ڕابردوو کرابێت، ڕاڤەکاران بەهۆی کاریگەربوون بە مسوڵمانە بنجووەکان، چیرۆکە ئیسرائیلیەکانیان تێکەڵ بە ڕاڤەکردوە ،کە لە کاتێکدا ناو ئایەتەکەدا بەهیچ جۆرێک ئاماژە بە ووردەکاری نەکراوە. مسوڵمانە بنجووەکان لە گرنگیدان بە جادوو زانینی پەنهان و ئەودیو سروش و پەرجوودا پشتیانبەستووە بە ئەو زانیاری و پەرجووانەی پێغەمبەر سولەیمان هەیبووە، هەر لەبەرئەمە بوو چەندین نووسراوی جادوویان هەیە و دەیدەنە پاڵ پێغەمبەر سولەیمان. دەیانگوت ئەمە ئەو "زانستە شاراوەیە"یە کە سولەیمان بەهۆیەوە دەسەڵاتی بەسەر جنۆکە و با و ئاژەڵاندا هەبووە. توانای قسەکردن و تێگەیشتن و لەگەڵ جنۆکەدا هەبووە بەسوود وەرگرتن لە ڕاڤەی ئایەتی ﴿وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَٰنَ ۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ ﴾سورة البقرة؛ الآية، ١٠٢

هەندێک لە جووە مسوڵمانبووەکان ، ئەم بیرۆکە و چیرۆکە ئیسرائیلیانەیان لەگەڵ خۆیاندا گواستۆتەوە بۆ ناو موسوڵمانان، هەوڵیاندا ڕوالەتێکی ئیسلامیان بەبەردابکەن، جادوو بە شتێکی پیرۆز و ئاسمانی نیشانبدەن، بۆیە جادوو لە ڕێگەی دوو گەورەترین فریشتە، واتە جوبرەئیل و میکائیل، هاتووەتە خوارەوە لە قورئاندا بە (جالووت و مالووت) هاتووە، هەتا شەرعیەتبدەن بە بڵاوبوونەوەی جادوو، بە پشتبەستن بۆ سەماندنی وتەکانیان ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتەیان بەکارهێناوە ﴿وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَ﴾ سورة البقرة: الآية، ١٠٢ وەرگرتووە (ابن كثير، ١٩٩٨، ٢٣٧/١). هەربۆیە هەندێکجار خودی قورئان بەکاردەهێنرا بۆ جادووە، وەک ئەو جادووەی کە لە خودی پێغەمبەر (د.خ) لەلایەن (لبيد بن أعصم)کرا (البيهقی، ١٩٨٥، ٢٨٤/٦)کەیەکێک بوو لە جووەکان.

بەهەمان شێوە مسوڵمانە بنجووەکان بۆ دەرخستنی لایەنی زانستی خۆیان گرنگیان بە ئەستێرەناسیداوە وەک بەشێک لە ئایین ناساندوویانە، نمونەشیان بە پێغەمبەر ئیبراهیم هێناوەتەوە، ئەم ئایەتانەیان بۆ سودی خۆیان بەکارهێناوە ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ " سورة الأنبياء: الآيات، ٥١-٥٦ (ابن كثير، ١٩٩٨، ٣٠٥/٥)کە تیایدا بەکارهێنانی وشەی (رُشْدَهُ) بە مانای پێگەیشتوویی هزریی، دانایی و توانای لێکدانەوەی هاتووە. بەهەمان شێوە ئایەتی ﴿كَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبْرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ ﴾سورة الأنعام: الآيات، ٧٦-٧٩ بەکارهێناوە، سەرەڕای ئەوەی قورئان بە وردی باسی ئەوەیکردووە پێغەمبەر ئیبراهیم لە ڕێگەی سەرنجدان و تێڕامان لە ئەستێرە، مانگ و خۆرەوە، یەکتاپەرستی هەڵبژاردوە. بە بەکارهێنانی ژیرییژی گەردوونی هەستی بە پووچەڵی بتپەرستی و فرەخوداپی کردووە، لەم ڕوانگەیەوە موسوڵمانە بنجووەکان ڕاڤەی ئەم ئایەتانەیان بەکارهێناوە هەتاوەکو ئەستێرەناسی وەک ڕێگایەک بۆ ناسینی خوا بناسێنن، شارەزایەکی قوڵیان لە نەریتە ئایینییەکان و فەلسەفەدا هەبوو، ئەم چیرۆکەیان وەک بەڵگەیەکی ئایینی بەهێز بەکارهێنا. بەڵای ئەوانەوە، ئەگەر پێغەمبەر ئیبراهیم لە ڕێگەی چاودێریکردنی گەردوونەوە گەیشتە باوەڕی ڕاستەقینە، کەواتە زانستی ئەستێرەناسی تەنها زانستێکی ماددی نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە گەورەیی، دانایی و ڕێکخستنی خودا لە دروستکراوەکانیدا. ئەمەش ڕەوایەکی ئایینی و بیرۆی گەورەکردنی بەخشییە کارەکانیان (الرازی، ١٤٢٠ھ، ٣٨/١٣) توانیبیان ڕەوایەتییەکی ئایینی و هزریی بەهێز بدەن بە کارەکانیان لەناو ژینگەی ئیسلامیدا و نیشانیبدەن کەئەستێرەناسی دژی ئایین نییە، بەڵکو پشتگیریی دەکات.

وەک باسکرا مسوڵمانە بنجووەکان ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە گێڕانەوەی ئیسرائیلیاتەکاندا . ببوونە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ هاوەڵان و بۆ تێگەیشتن لە چیرۆکی پێغەمبەرانی پێشوو، وردەکاریی دروستبوونی گەردوون و ڕووداوەکانی ڕۆژی دوایی کە لە قورئاندا بە کورتی ئاماژەیان پێکراوە. هەروەها بۆ ڕاڤەی ئەم ئایەتە کە لە سەرەتای سورەتی جومعەدا هاتووە "هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایە، تەسبیحاتی خودا دەکەن" لە تەوراتدا حەفتا جار نووسراوە، جەختکردنەوە لە چەمکی "تەسبیحاتی گەردوون "یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکان لە هەردوو ئایینی ئیسلام و جوودا. کەعب بە بڵاوکردنەوەی ئەم بۆچوونانەی، نیشانیدا کە ئەم حەقیقەتە گەورەیە بنەمایەکی هاوبەشی هەردوو پەیامەکەیە. بەکارهێنانی ژمارە "حەفتا "مەبەست لێیی ژمارەیەکی ورد نییە، بەڵکو لە کولتووری ساميیدا، ژمارە حەوت و چەندجارەکانی (وەک حەفتا) هێمایە بۆ زۆری، کامڵبوون، واتە، کەعب دەیەوێت بڵێت ئەم تەسبیحاتە ئەوەندە گرنگ و بنەڕەتیيە کە لە تەوراتیشدا زۆر بە گرنگییەوە دووبارە کراوەتەوە (البيهقی، ١٩٨٨، ٥٧٩/٢)

پاشان بۆ سوورەتی مولک جا بە ویستی خودا دەتپاڕێزێت لە سزای گۆڕ. ئەو سوورەتە لە تەوراتدا بە ناوی(المانعة) هاتووە(البيهقی، ١٩٨٣، ٩٩)، هەرکەسێک لە شەوێکدا بیخوێنێتەوە، ئەوا بەڕاستی کردەوەی چاکەی زۆری کردووە و کارێکی

باشی ئەنجامداوە، بەستنەوەی قورئان بە تەوراتەوە هەمان ئامانج لێی ئەوە نییە کە بڵێت ئەم سوورەتە بەم وشانەوە لە تەوراتدا هەیە، بەڵکو مەبەست لێی: پشتڕاستکردنەوەی گەورەیی سوورەتەکە نیشاندانی ئەوەی کە گەورەیی و گرنگی ئەم سوورەتە شتێکی نوێ نییە، بەڵکو حەقیقەتێکی خوداییە کە لە پەیامە پیرۆزەکانی پێشووتریشدا ناسراو بووە. سەلماندنی بەردەوامیی پەیامی خودایی جەختکردنەوە لەسەر ئەو بیروباوەڕەی کە سەرچاوەی هەموو پەیامە ئاسمانییەکان یەکە و حەقیقەتە بنەڕەتییەکان لە هەموویاندا هاوبەشن.

کاریگەرییان لەناو موسڵمانان (وهب بن منبه) کردەوەکانی بە تەنها سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک پەیڕەوکردنێکی سونەتی پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵانی سەیرکراوە، هەرئەوەشە کاتێک بە پێڵاوەوە نوێژیکردووە، بۆ دەستپێکردن بە نوێژ دەستەکانی بەرزکردۆتەوە هەتا دەگاتە ئاستی گوێچکەکانی، کاتێک لە کرنۆشبردن سەری بەرزکردۆتەوە بەهەمان شێوە دەستی بۆ هەمان ئاستی گوێچکەی بردووە (الصنعانی، ١٩٨٣، ٣١٤/٥). لە کاتێکدا پێغەمبەریان نەبینیوە بەڵام ئەم جۆرە نوێژکردنە پەیڕەودەکرێت لەلای هەندێک موسوڵمانان. (وهب بن منبه) دەربارەی ئەو ڕووداوانەی کە لەڕۆژی دواییدا ڕووددەن وتوویەتی" کاتێک قیامەت نزیکدەبێتەوە، شاخەکان بە دەریا دادەپۆشرێن، دەریا زەوی دادەپۆشێت، ئەستێرەکان بڵاودەبنەوە ئاسمان دەگۆڕێت، خوا فریشتەکانی دەنێرێت لەسەر ئەسپە سپیەکان کە لەنێوان ئاسمان و زەویدا دەفڕن، زەوی و هەموو ئەوانەی لەسەریەتی و لەناویاندایە دڵنەواییان ئەکەن لەسەر ڕووداوەکان. هەموو دایکێک ئەو کۆرپەیەی شیری پێداوە لەبیری دەکات بەهۆی ترسی قیامەت. پاشان قیامەت ڕووددات" (المروزی، ١٤١٢هـ، ٦٣٩/٢). هەر ئەم جۆرە گێڕانەوانە گەورەترین کاریگەریی نەرێنی ئەوەبوو بە تێپەڕبوونی کات، ئەو گێڕانەوە ناڕاست و ئەفسانەیی لەناو پەرتووکەکانی پێشوودا هەبوون، تێکەڵی ڕاڤە و پەرتوکەکانی میژووی ئیسلامی بوون.

ئەنجام

١- تویژینەوەکە دەری دەخات کە کاریگەریی موسڵمانە بنجووەکان لەسەر شارستانیەتی ئیسلامی دوولایەنە و ئاڵۆز بووە. ئەوان لە لایەکەوە سەرچاوەی دەوڵەمەندکردنی مەعریفە و زانست بوون، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هۆکاری هاتنەناوەوەی کۆمەڵێک گێڕانەوەی دەرەکی بوون کە مشتومڕی زۆری لەسەرە و ناسراوە بە "ئیسرائیلیات".

٢- کەسایەتییەکانی وەک (کعب الأحبار) و (وهب بن منبه) ڕۆڵێکی سەرەکییان لە گواستنەوەی چیرۆک و گێڕانەوەکانی پاشخانی تەوراتدا هەبوو. ئەمەش بووە هۆی تێکەڵبوونی زانیاریی دەرەکی، کە هەندێکیان ئەفسانەیی بوون، لەگەڵ زانستەکانی ڕاڤەی قورئان و فەرموودەدا، بەتایبەت لە بابەتەکانی چیرۆکی پێغەمبەران و ڕووداوەکانی ڕۆژی دواییدا، کە ئەرکێکی قورسی خستە سەر شانی زانایانی دواتر بۆ هەڵاوردنی گێڕانەوەو زانیاریییەکان.

٣- ڕۆڵی بنجووەکان تەنها لە گواستنەوەی زارەکیدا کورت نەبووەتەوە، بەڵکو بەشداریەکی چالاکانەیان لە بزووتنەوەی وەرگێڕانی زانستەکانی یۆنانی، فارسی و هیندی بۆ زمانی عەرەبی هەبووە. ئەمەش ژینگەیەکی کراوەی بۆ مشتومڕی فەلسەفی و ئایینی دروست کرد و بووە هۆی دەوڵەمەندبوونی هزری ئیسلامی.

٤- هەژموونی بنجووەکان میراتێکی ئاڵۆزی بەجێهێشتووە. ئەوان لە هەمان کاتدا هەم پردی گواستنەوەی زانست و شارستانیەت بوون، هەمیش هۆکاری هاتنەناوەوەی ئەو گێڕانەوانە بوون کە پێویستیان بە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی ورد هەبوو بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتیی زانیاریەکانی نێو سەرچاوە ئیسلامییەکان.

سەرچاوەکان

أبي أصيبعة: أحمد بن القاسم بن خليفة بن يونس الخزرجي موفق الدين، (ت ٦٦٨ هـ/١٢٧٠م)، عيون الأنباء في طبقات الأطباء، تحقيق: نزار رضا، دار مكتبة الحياة، (بيروت).

إبن الجوزي : أبو الفرج عبد الرحمن بن علي (ت ٥٩٧هـ/١٢٠١مز)، صفة الصفوة، تحقق: أحمد بن علي، دار الحديث، (القاهرة، ٢٠٠٠م).

ابن عبد البر: يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر (ت ٤٦٣ هـ/١٠٧١م)، الاستيعاب في معرفة الأصحاب، تح: عبد الله بن عبد المحسن التركى، الطبعة الأولى، مركز هجر للبحوث والدراسات العربية والإسلامية ، (مصر، ٢٠١٩م).

أبوعلاء، عادل، ٢٠١٠، الأسرائيليات و أثرها في التفسير، مجلة كلية الآداب، ٢٣(٤٢)، 10.21608.

حمدان، علی، ٢٠١٥، الأسرائيليات في كتب التفسير تاريخها و نماذجها، Jurnal Syariah dan Hukum ,٧(١٥٠).

ابن قيم الجوزى: محمد بن أبي بكر بن أيوب (ت ٧٥١هـ/١٣٥١م)، الطب النبوي، دار الهلال، (بيروت).

إبن كثير: إسماعيل بن عمر القرشي الدمشقي ا (ت ٧٧٤ هـ/١٣٧٢م): البداية والنهاية، الطبعة الأولى، مطبعة السعادة، (القاهرة، ، ١٣٥٨ه).

أبو بكر الرازى: محمد بن زكريا (ت ٣١٣هـ/٩٢٥م)، الحاوي في الطب، تحقيق: هيثم خليفة طعيمي، الطبعة الأولى، (لبنان، ٢٠٠٢م)

بخوش، عبدالقادر، ٢٠١٦، الأسرائيليات في كتب التفسير و قدسيه القآن الكريم، مجلة جامعة الأميرعبد القادر للعلوم الأسلامية، ٣٠(٣٤).

أبو الفضل الرازي: عبد الرحمن بن أحمد بن الحسن المقرىء (ت ٤٥٤هـ/١٠٦٣م)، فضائل القرآن وما أنزل من القرآن بمكة وما أنزل بالمدينة، تح: غزوة بدير، الطبعة الأولى، دار الفكر، (دمشق، ١٩٨٧م)

الأزدي: معمر بن راشد (١٥٣هـ/٧٧٠م)، الجامع، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، الطبعة الأولى، المكتب الإسلامي، (بيروت، ١٩٨٣ز)

الأصبهاني: أبو نعيم أحمد بن عبد الله الأصبهاني (ت ٤٣٠ هـ/١٠٣٩م)، حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، مطبعة السعادة ، (مصر، ١٩٧٤).

ابن الفقيه: أحمد بن محمد بن إسحاق الهمداني (ت ٣٦٥هـ/٩٧٣م)، البلدان، تحقيق: يوسف الهادى، الطبعة الأولى، عالم الكتب، (بيروت، ١٩٩٦م).

إبن المبارك: عبد الله بن المبارك المروزي (ت ١٨١هـ/٧٩٨م)، الزهد والرقائق، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي.

ابن النديم: محمد بن إسحاق (ت ٣٨٠هـ/٩٩٠م)، الفهرست، تحقيق: أيمن فؤاد سيد، الطبعة الثانية، مؤسسة الفرقان للتراث الإسلامي، (لندن، ٢٠٠٤م).

النويرى: شهاب الدين النويري (ت ٧٣٣هـ/١١٣٢م) ، نهاية الأرب في فنون الأدب، الطبعة الأولى، دار الكتب و الوثائق القومية، (القاهرة، ١٤٢٣هـ).

ابن حماد المروزي: نعيم بن حماد بن معاوية بن الحارث الخزاعي (ت ٢٢٨هـ/٨٤٣م)، الفتن، تحقيق: سمير أمين الزهيري، الطبعة الأولى، مكتبة التوحيد، (القاهرة، ١٤١٢هـ)

ابن سلام القيرواني: يحيى بن سلام بن أبي ثعلبة، (ت ٢٠٠هـ/٦١٨م)، تفسير يحيى بن سلام، تقديم وتحقيق: الدكتورة هند شلبي، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (بيروت ، ٢٠٠٤م).

ابن عادل: عمر بن علي بن عادل الدمشقي (ت بعد ٨٨٠ هـ/١٤٧٦م)، اللباب في علوم الكتاب، تحقيق: أحمد عبد الموجود، علي محمد معوض، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٩٩٨م).

ابن هشام: عبد الملك بن هشام الحميري (ت ٢١٣ هـ/٨٢٩م)، السيرة النبوية ، تحقيق: مصطفى السقا - إبراهيم الأبياري - عبد الحفيظ شلبي، الطبعة الأولى، مطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده، (مصر، ١٩٥٥م).
بخارى: محمد بن إسماعيل بن إبراهيم (٢٥٦هـ/ ٨٧٠م)، صحيح بخارى، تحقيق: جماعة من العلماء، الطبعة السلطانية، (مصر، ١٣١١هـ)
البلخي: مقاتل بن سليمان الأزدي (ت ١٥٠هـ/ ٧٦٧م)، تفسير مقاتل بن سليمان ، تحقيق: عبد الله محمود شحاته، الطبعة الأولى، دار إحياء التراث، (بيروت، ١٤٢٢هـ).
البيهقي: أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبو بكر البيهقي (ت ٤٥٨هـ/١٠٦٦م)، الزهد الكبير، تحقق: عامر أحمد حيدر، الطبعة الثالثة، مؤسسة الكتب الثقافية، (بيروت، ١٩٩٦م).
البيهقي: دلائل النبوة، تح: عبد المعطي قلعجي، ط1، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٩٨٥م)؛.
البيهقي:شعب الإيمان، تح: مختار أحمد الندوي ، الطبعة الأولى، مكتبة الرشد للنشر والتوزيع، (الرياض، ٢٠٠٣م)؛ أثبات العذاب القبر: تح: د. شريف محمود قضاة، الطبعة الأولى، دار الفرقان، (عمان، ١٩٨٣م)
الترمذي: محمد بن علي بن الحسن (ت ٣٢٠هـ/٩٣٣م)، نوادر الأصول في أحاديث الرسول صلى الله عليه وسلم، تحقيق: عبد الرحمن عميرة، دار الجيل، (بيروت، ن،س).
الحموى :شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي (ت ٦٢٦هـ/١٢٣١م)، معجم الأدباء، تحقيق: إحسان عباس، الطبعة الأولى، دار الغرب الإسلامي، (بيروت، ١٩٩٣م).
الحميري: عبد الملك بن هشام (ت ٢١٣هـ/٨٢٩م)، التيجَان في مُلوك حِمْيَرَ، تح: مركز الدراسات والأبحاث اليمنية، الطبعة الأولى، مركز الدراسات والأبحاث اليمنية، (صنعاء، ١٣٧٤هـ).
الحنبلي: عبد الرحمن بن أحمد (ت ٧٩٥ هـ/١٣٩٣م)، التخويف من النار والتعريف بحال دار البوار، تحقق: بشير محمد عيون، الطبعة الثانية، مكتبة المؤيد ،(دمشق، ١٩٨٨م).
الذهبي: محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي (ت ٧٤٨ هـ/١٣٤٨م)، سير أعلام النبلاء، تحقيق: حسين أسد مؤسسة الرسالة، الطبعة الثالثه، (١٩٨٥م).
الذهبى: العرش، تحقيق: محمد بن خليفة بن علي التميمي، الطبعة الثانية، عمادة البحث العلمي بالجامعة الإسلامية، (السعودية، ٢٠٠٣م).
الاربعين فى صفات رب العالمين، تح: عبد القادر بن محمد عطا صوفي، الطبعة الأولى، مكتبة العلوم والحكم، (المدينة المنورة، ١٥١٣هـ).
الرازي: محمد بن عمر بن الحسن (ت ٦٠٦هـ/١٢١٠م)، مفاتيح الغيب، الطبعة الثالثة، دار إحياء التراث العربي، (بيروت، ١٤٢٠هـ)
سلامة،محمد، ٢٠٠٨، الأسرائيليات و أثرها على التفسير، مجلة كلية الدراسات الأسلامية و العربية للبنات، ١(٢٣)، ٢٤
السيوطى: جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر (ت ٩١١ هـ/١٥٠٦م)، الإتقان في علوم القرآن، تحقق: محمد أبو الفضل إبراهيم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، (١٩٧٤م).
صديق حسن خان: أبجد العلوم، الطبعة الأولى ، دار ابن حزم، (٢٠٠٢م).
الصنعانى: عبد الرزاق بن همام بن نافع الحميري (ت ٢١١هـ/٨٢٧م)، المصنف، تحقيق: محمود محمد عبده، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤١٩هـ).
الطبرانى: سليمان بن أحمد بن أيوب (ت ٣٦٠هـ/٩٧٢م)، المُعْجَمُ الكَبِير للطبراني المُجَلَّدان الثَّالِثَ عَشَرَ والرابع عشر، تحقيق: د/ سعد بن عبد الله الحميد و د/ خالد بن عبد الرحمن الجريسي
الطبرى: محمد بن جرير (٣١٠هـ/٩٢٣م)، جامع البيان عن تأويل آي القرآن، تحقيق: محمود محمد شاكر دار التربية والتراث (مكة المكرمة)
القاضى العياض: أبو عياض بن موسى اليحصبي (ت ٥٤٤ هـ/١١٤٩م)، الشفا بتعريف حقوق المصطفى - مذيلا بالحاشية المسماة مزيل الخفاء عن ألفاظ الشفاء، الحاشية: أحمد بن محمد بن محمد الشمنى، دار الكتب العلميه، (بيروت، 1979).
القرطبي : محمد بن أحمد بن أبي بكر الأنصاري الخزرجي (ت ٦٧١ هـ/١٢٧١م)، التذكرة بأحوال الموتى وأمور الآخرة، تحقيق ودراسة: د. الصادق بن محمد بن إبراهيم، الطبعة الأولى، مكتبة دار المنهاج للنشر والتوزيع، (السعودية، ١٤٢٥ هـ).
جامع المسانيد والسنن الهادي لأقوم سنن، تحقيق: عبد الملك بن عبد الله الدهيش، الطبعة الثاني، دار خضر، (بيروت، ١٩٩٨م).
تفسير القرآن العظيم، تح: سامي بن محمد السلامة، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، (لبنان، ١٩٩٨م)
محمد عجاج خطيب: أبو هريرة راوية الإسلام، الطبعة الثالث، مكتبة وهبة، (ب.م، ١٩٨٢م).
المسعودى: على بن الحسين بن على (ت ٣٤٦هـ/٩٧٩م)، التنبيه و الأشراف، تحقيق: عبد الله إسماعيل الصاوي، دار الصاوي، (القاهرة، ب.س).
المقدسي: محمد بن عبد الواحد الحنبلي المقدسي (٦٤٣ هـ/١٢٤٦م)، الجزء الثالث من كتاب صفة الجنة، تحقيق: د.محمد بن تركي، جامعة الملك سعود، (الرياض، ٢٠١١م).